# ئاستی سوود بینینی پەیامنێران لە ئامرازەکانی تەکنەلۆژیای نوێ لە هەرێمی کوردستاندا

**کارزان طارق محمود، رۆزە حەمەوەیس میرزا**

بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە-** ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ئاستی سوود بینینی پەیامنێران لە ئامرازەکانی تەکنەلۆژیای نوێ لە هەرێمی کوردستاندا)کێشە سەرەکیەکەی بریتیە لە ناڕوونی کاریگەریی تەکنەلۆژیای نوێ لە گەشەپێدانی کاری میدیایی لای پەیامنێران، لەگرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتیە لە زانین و دەستنیشانکردنی ئاستی سودبینینی پەیامنێران لە ئامرازەکانی تەکنەلۆژیای نوێ لە هەرێمی کوردستاندا، لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفی بەکارهێنراوە، فۆرمی ڕاپرسی ئامرازی کۆکردنەوەی داتاو زانیارییەکانی ئەم توێژینەوەیەیە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیە لە پەیامنێرانی هەرێمی کوردستان، سامپڵی توێژینەوەکە بریتیە لە سامپڵی هەڕەمەکی سادە، لە گرنگترین دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لەوەی، پەیامنێران تاڕادەیەکی زۆر سوود لە تەکنەلۆژیای نوێ وەردەگرن لە گەشەپێدانی کاری میدیاییاندا، هەر لە کاریگەرییەکانی تەکنەلۆژیا، دەردەکەوێت پەیامنێران بەدەرنین لەو گرفتانەی کە لەئەنجامی بەکارهێنانی ئامێرە تەکنەلۆژیەکان ڕوبەڕووی دەبنەوە وەک وەستان و گرفتە تەکنیکیەکان و کارنەکردنی ئامێرەکان و کارتێکەرەکانیانەوە، ئەوەش وایکردوە بەگشتی بڵێین تەکنەلۆژیا کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی هەیە لەکاتی بەکارهێنانی لەلایەن پەیامنێرانەوە، بەڵام لە توێژینەوەکە ئەوەمان بۆ دەرکەوت کاریگەریە ئەرێنیەکانی زیاترە، هەروەها زۆربەی پەیامنێران پێیان وایە تەکنەلۆژیای نوێی گەیاندن زۆرجار کاریگەری لەسەر شێوازی بەرهەمهێنانی پەیامە میدیاییەکانی پەیامنێر کردووە و زۆرترین پەیامنێران لە کاتی ڕووماڵدا بەکارهێنەری ئامێری گواستنەوەی پەخشی ڕاستەوخۆ((live stream boxن ، لەکۆتایدا توێژەر پێشنیاردەکات لەلایەن بەرپرسی دامەزراوە میدیاییەکانەوە نوێترین جۆرەکانی تەکنەلۆژیای نوێ دەستەبەر بکرێت لەبواری کاری پەیامنێریدا کەلەسەر ئاستی جیهاندا بەردەستن.

**کلیلە ووشەکان-** تەکنەلۆژیای نوێ، کاری پەیامنێری، پەیامنێران،بەرهەمهێنانی میدیایی.

## پێشەکی:

لەگەڵ پێشکەوتنی بەردەوامی ژیاندا، بواری ڕاگەیاندن بەردەوام لە گەشەسەندن و پێشـــکەوتندا بووە، دیارە ئەم پێشـــکەوتنە کاریگەری لەســـەر ســـەرجەم پێکهاتەکانی پرۆســـەی پەیوەندکردن و راگەیاندن هەیە چ لە ڕووی تەکنیک و چ لە ڕووی پەیامی میدیاییەوە یاخود لە ڕووی ســـــوود بینینی پەیامنێران لەو پێشـــــکەوتنە بەرچاوەی لە ئێســـــتـــادا فەراهەمە، دیارە توێژینەوە لەم بوارەدا زۆر گرنگە، چونکە پەیامنێران پێکهێنەرێکی گرنگن لە پرۆســـــەی ڕاگەیاندن و پەیوەندیکردندا پێویســـــتە لەبواری توێژینەوەی زانستی کاریان لەسەر بکرێت و ئەو لایەنانەی سود لەتەکنەلۆژیای نوێ وەردەگرن دەربخرێت، بەو پێیەی تەکنەلۆژیا گرنگیەکی بەرچاوی هەیە لەســـــەرجەم کایەکانی ژیاندا، بواری ڕاگەیاندن و کاری پەیامنێریش وەک دوانەیەکی پێکەوە بەستراو تەکنەلۆژیا رۆڵێکی بەرچاوی هەیە لەبەرەو پێشـــبردنیدا، ســـەرەڕای ئەوەی ئێســـــتا پەیامنێران بەتەکنەلۆژیای بەکارهاتو کارەکانیان خێراترو پێشـــــکەوتوتر بووە، هەر بۆیە توێژەر لە سێ بەشدا باسی توێژینەوەکەی کردووە کە ئەوانیش:

بەشی یەکەم: چوارچێوەی توێژینەوە لەمانەی خوارەوە پێکدێت (کێشـــە، گرنگی، ئامانج، جۆرو ڕێباز، شێوازو ئامڕاز، سنور، کۆمەڵگەو سامپڵ، ڕاستی، جێگیریی، ئامڕازی ئاماری، توێژینەوەکانی پێشوو، چەمک و زاراوەکان).

بەشی دووەم: لایەنی تیۆری توێژینەوەکەیە کە تاییدا بە ووردی باس لەســـــەرجەم ئەو چەمک و زاراوانە دەکرێت لە ناونیشـــــانی ســـــەرەکی توێژینەوەکەدا بوونیان هەیە سەرەڕای پەیوەندی چەمکەکانی ناونیشانەکە بە یەکترەوە، کە بریتین لە (تەکنەلۆژیای نوێ، کاری میدیایی، پەیامنێران).

بەشی ســـێیەم: پێکدێت لە لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە کەتیا یدا ئە نجامەکانی توێژینەوەکە بە ووردی دەخرێنەڕوو لەگەڵ خســـتنەڕووی دەرئەنجام و ڕاســـپاردە و پێشـــنیار و لیســـتی ســـەرچاوەکان و پاشـــکۆی توێژینەوەکە بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی.

مجلة جامعة التنمية البشرية
المجلد 12، العدد 2(2026)؛ عدد الصفحات (11)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v12n2y2026.pp44-54
ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 26 حزيران 2025؛ قُبل في 3 أب 2025؛ نُشرت في 23 نيسان 2026؛
البريد الإلكتروني للمؤلف :karzan.tariq@gmail.com, roza.merza@univsul.edu.iq
حقوق الطبع والنشر ©2026 کارزان طارق محمود، ڕۆزە حەمەوەیس میرزا . هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

## بەشی یەکەم:
## چوارچێوەی توێژینەوە

### یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە:

کێشەی ئەم توێژینەوەیەش نادیاری ئەو سودەیە کە پەیامنێران لە تەکنەلۆژیای نوێ بینیویانە، توێژەر دەیەوێت بکاتە وەڵامی ئەو پرسیارەی ئایا تاچەند تەکنەلۆژیای نوێ کاریگەری لەسەر گەشەپێدانی کاری میدیایی لای پەیامنێران هەیە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەش ئەم چەند پرسیارەی تر دەخاتەڕوو:-

1. ئایا رادەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی تەکنەلۆژیای نوێ لای پەیامنێران چەندە؟
2.تاچەند پەیامنێران لەبەکارهێنانی تەکنەلۆژیا سودمەندبوون لە گەشەپێدانی کاری میدیاییاندا؟
3.ئەو تەکنەلۆژیایانە کامانەن کە پەیامنێران سودمەندن لێی لەگەشەپێدانی کاری میدیاییاندا؟

### دووەم: گرنگی توێژینەوەکە:

لەڕووی پراکتیکەوە دەکرێت ئەنجامدانی ئەم جۆرە توێژینەوە گرنگیی و بایەخی هەبێت، بۆ لایەنە پەیوەندارەکان و ئەو بوارانەی کە توێژەر کاری لەسەردەکات، هەربۆیە لێرەدا چەند خاڵێك لەو چوارچێوەیەدا دەخەینەڕوو.

ا- **بۆ بواری زانست**: بۆ بواری راگەیاندن دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ و پڕ بایەخ کە دەکرێت لە خوێندن و توێژینەوەی زانستیدا، بەتایبەت لەبواری تەکنیك و بەرهەمهێنانی راگەیاندندا سوودی لێوەربگیرێت، هەروەها دەکرێت خوێندکارانی میدیا سوودی لێوەربگرن.

ب- **بۆ دامەزراوەکانی میدیا**؛ ئاستی سودبینینی پەیامنێران لەتەکنەلۆژیای نوێ لە بەرهەمهێنانی میدیاییدا، ئەمەش وەك بەرچاوڕوونی و هەنگاوی گرنگ و پڕبایەخی دەزگاو دامەرزاوە میدیاییەکان، بەمەبەستی گرنگیدانی بە کاریگەرییەکانی ئەم پێشکەوتنە نوێیە لەبواری میدیایدا.

### سێیەم: ئامانجی توێژینەوەکە:

توێژەریش چەند ئامانجێکی دیاریکردووە بە مەبەستی بەدیهێنانیان، چەند خاڵێکی دەست نیشانکردووە.

١- ناساندن و دیاریکردنی ڕادەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی تەکنەلۆژیای نوێ لای پەیامنێران لە هەرێمی کوردستان.
٢- زانینی ئاستی سوودمەندبوونی پەیامنێران لە تەکنەلۆژیای نوێ لە پێشکەوتن و بەرەودان بە کارە میدیاییەکانیان.
٣- خستنەڕووی جۆری ئەو کاریگەریانەی کە پەیامنێران لەسازاندنی پەیامە رۆژنامەوانیانەکانیانەوە بەرجەستەی دەکەن.

### چوارەم: میتۆدی توێژینەوەکە:

جۆری ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەجۆری توێژینەوە وەسفیەکان ( Descriptive research) کە ئامانجی هەوڵدانە بۆ زانینی ئاستی سودبینینی پەیامنێرانە لە تەکنۆلۆژیای نوێ لە هەرێمی کوردستان، توێژینەوە وەسفییەکان ئەو جۆرە توێژینەوانەن کە ئامانجی وێناکردن و شیکاریکردن و هەڵسەنگاندنی تایبەتمەندێتیەکانی کۆمەڵەیەکی دیاریکراو یان هەڵوێستێکی دیاریکراوی پەیوەست بە سروشتی دیاردەیەك یان هەڵوێستێك یان کۆمەڵێک بارودۆخ بە مەبەستی بەدەستهێنانی زانیاریی پێویست لە بارەیانەوە.

### پێنجەم: شێوازو ئامرازەکانی توێژینەوەکە:

توێژەر بەمەبەستی هێنانەدی ئامانجەکانی توێژینەوەکە پشتی بە ئامرازی(ڕاپێویی) بەستووە وەک یەکێکە لە ئامرازەکانی کۆکردنەوەی داتاو زانیاری بۆ ئەوەی ڕای پەیامنێران لەچوارچێوەی بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای نوێ پەیوەندییەکان لە گواستنەوە و گەیاندنی زانیارییەکان لە بواری کاری میدیایدا بخاتەڕوو.

### شەشەم: سنوری توێژینەوەکە:

1- **بواری کات**: ماوەی ئەنجامدانی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە کە لە کۆکردنەوەی زانیاریەکان و شیکردنەوەیان پێکهاتبوو، هەروەها دابەشکردنی فۆرمی ڕاپێویی و وەرگرتنەوەی لەرێکەوتی (٢٠٥/٣/١بۆ٢٠٢٥/٦/١) .
2- **بواری شوێن**؛ پارێزگاکانی (سلێمانی، هەولێر، هەڵەبجە ، دهۆك)هەڵبژێردراون.
3- **بواری مرۆیی**: بریتیە لە پەیامنێرانی دەزگاکانی راگەیاندن لەسەرجەم دامەزراوەکانی راگەیاندن لە خۆدەگرێت.
4- **بواری بابەت**: هەموو ئەو بابەتانە لەخۆی دەگرێت کە لەچوارچێوەی تەکنەلۆژیای نوێدا پەیامنێران بەکاردەهێنن، بۆ زانینی ڕادە و ئاستی کاریگەری ئەم ئامرازانە لە چوارچێوەی میدیا جیاوازەکاندا.

### حەوتەم: کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوەکە:

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە: بریتیە لەسەرجەم ئەو پەیامنێرانەی کە لە دامەزراوە میدیاییە جیاوازەکان کاردەکەن، پاش گەڕان و بەدواداچوونی وردی توێژەر لەڕێگەی پەیوەندی کردن بە بەرپرسی دەزگا ڕاگەیاندنەکان و بەرپرسانی پەیامنێران، لە دەزگا جیاوازەکانی (میدیای پەخشکراو- میدیای دیجیتاڵی - چاپکراو)دەرکەوت لە هەرچوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان بە ئیدارەکانی گەرمیان و ڕاپەڕینەوە (٤٠٠)پەیامنێر هەیە*، کە بەشێوەی مەیدانی کاری ڕۆژانە بۆ دەزگاکانیان دەکەن و خاوەن ناسنامەی ئەو دەزگا ڕاگەیاندنانەن.

سامپڵی توێژینەوەکە: پەیامنێرانی سەرجەم دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستانە، بەشێوەیەکی مەیدانی کاری پەیامنێری دەکەن، سەبارەت بەشێوازی وەرگرتنی سامپڵی توێژینەوەکە توێژەر بە شێوازی هەڕەمەکی سادە ڕێژەی (٥٠٪)ی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەیان وەرگرتووە لە کۆی (٤٠٠)پەیامنێر.

### هەشتەم: ڕاستی و جێگیری توێژینەوەکە:

ڕاستی: توێژەر هەستا بە پێدانی فۆرمی ڕاپرسیەکە بە پێنج پسپۆڕی بواری ڕاگەیاندن بەمەبەستی بڕیاردان لەسەر شیاوی فۆڕمەکەو ئەو گۆڕانکاریانەی پێشنیاریان کردبوو لەلایەن توێژەرەوە بە هەند وەرگیرا، بەشێوەی ئۆنلاین یان بەشێوەی ڕووبەڕوو، ئەمەش بۆ زانینی هێنانەدی ئامانجی توێژینەوەکە و هەڵسەنگاندنی پرسیارەکان لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتیەوە و توانستی ناوەڕۆك لە هێنانەدی ئامانجەکانی توێژینەوەکە دەردەخات، وە ڕێژەی ڕێکەوتن لەسەر بڕگەکانی فۆڕمەکە لای پسپۆڕان (97%)بوو، ئەمەش بەپێی پێوەرە زانستییەکان ڕێژەیەکی گونجاوە بۆ ڕاستی فۆڕمەو گونجاوە بۆ بەکارهێنان، پاشان دەست نیشانی گرفتەکان کراوە، بەپێی ئەو سەرنج و تێبینیانەی بەهەند وەرگیراون گۆڕانکاری لە بڕگەو بابەتەکان ئەنجامدراوە، تاکو ئەو ئاستەی فۆڕمەکە بەگونجاو زانراوە بۆ دابەشکردنی بەسەر نموونەی توێژینەوەکە.

جێگیری توێژینەوەکە: ژمارەی کرۆنباخی توێژینەوەکە(77.5%) بووە بۆ کۆی گشتی پرسیارەکانی ئەم توێژینەوەیە کەواتە توێژینەوەکە ئاستێکی جێگیری بەرزی هەیە، کە بەپێی ئەم خشتانەی خوارەوە ڕونکراوەتەوە.

**نۆیەم: ئامرازی کۆکردنەوەی داتاکان توێژینەوەکە:**

ئامرازی کۆکردنەوەی داتاو زانیارییەکان، فۆرمی ڕاپێوینامەیە، کە بەشێوەی (فۆرمی ڕاستەوخۆ)، دابەشکراوە بەسەر سەرجەم پەیامنێرانی دەزگاو دامەزراوە میدیاییەکان لە هەرێمی کوردستاندا، ئەمەش بە ئامانجی کۆکردنەوەیەکی وورد و خێراتر لەگەیشتن بەسەرچاوەی زانیارییەکان.

**دەیەم: خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو:**

توێژینەوەکانی پێشوو بەشێکی گرنگە لە توێژینەوەکە کە توێژەر وەک نەخشەڕێگەو تەواوکاری توێژینەوەکەی ژمارەیەک توێژینەوەی هاوشێوە یاخود نزیککراوەی بابەتی توێژینەوەکەی وەرگرتووەو ئاماژەی بۆ کردون لەسەر بنەمای بگۆڕو گۆڕاوە سەربەخۆ و وابەستەکانی کە بەم جۆرە داڕشتوون.

**١-توێژینەوەی حەکیم، ٢٠١١ ***

کێشەی ئەم توێژینەوەیە نارونی ڕۆڵی تەکنەلۆژیای گەیاندنە لەگەشەکردنی کاری ڕاگەیاندن لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی کوردستاندا.

ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتین لە دەستنیشانکردنی سروشتی ڕەنگدانەوەی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لەسەر نوێنەرانی ئامرازە جیاوازەکانی ڕاگەیاندن (نوسراو، بینراو، خوێندراو)

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیەلە کەناڵەکانی (کوردستانی نوێ، ڕادیۆی نەوا، KNN)، سامپڵەکەشی بریتیە لە وەرگرتنی (١٣٥)ڕاگەیاندنکار لەپێناو زانینی بارودۆخی ئێستای هەریەکەیان، توێژینەوەیەکی وەسفی ڕوپێوی شیکاریە، توێژەر ئامرازەکانی چاوپێکەتن و فۆرمی ڕاپرسی و تێبینیکردنی بەکارهێناوە لە پێناو کۆکردنەوەی زانیاری پێویست بۆ توێژینەوەکەی.

توێژەر لە کۆتاییدا بەم ئەنجامانە گەیشتوە، تەکنەلۆژیایی گەیاندنی نوێ بەشداری لەزیادکردنی توانای ڕۆژنامەنووسان دەکات لە زنجیرە جیاوازەکانی کاری ڕاگەیاندندا لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندندا (نوسراو، بینراو، خوێندراو)، هەروەها جیاوازیەکی ڕوون و دیار هەیە لەنێوان ئەو ڕاگەیاندنکارانەی کە تەکنەلۆژیا بەکاردەهێنن لەگەڵ ئەوانەی کە بەکاری ناهێنن.

**٢- توێژینەوەی سومەیە ٢٠١٧****

کێشەی توێژینەوەکە بریتیە لە کاریگەریێتی تەکنەلۆجیای گەیاندنی نوێ چیە لەسەر سازاندنی ڕۆژنامەوانی؟ ئایا سازاندن لە ڕۆژنامەوانی کوردیدا توانیویەتی لەگەڵ تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ هەنگاو بنێت؟

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە زانینی ڕادەی کاریگەریێتی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێیە بەتایبەتی ئامێری کۆمپیوتەر لەسەر سازاندنی ڕۆژنامەوانی، بەمەبەستی هینانەدی ئەم ئامانجەش توێژەر پشتی بە توێژینەوەی وەسفی بەستوە بە بەکارهێنانی شێوازی ڕوپێوی و بەراوردکاری، سامپڵی سازێنەرانی ڕۆژنامەکانی (کوردستانی نوێ و ئاوێنە) وەرگرتوە، بەشێوەی ڕومالکردنی (گشتگیر – مەسح الشامل) کە بەڕێگای هەڵبژاردنی مەبەستدار بەپێی گۆڕاوە دیموگرافیەکان دیاریکراون.

توێژەر ئامرازەکانی ڕاپرسی و چاوپێکەوتن و دەستەی تایبەت فۆکەس گروپ و ئامرازی ئاماری و ڕێژەی سەدی بەمەبەستی گەیشتن بە دەرئەنجامێکی تەواو پەیوەست بە ئامانج و پرسیارەکانی توێژینەوەکەی بەکارهێناوە، کۆمەڵی توێژینەوەکە بریتیە لە سازێنەرانی ڕۆژنامەکانی (کوردستانی نوێ و ئاوێنە)، کە ژمارەیان (٢٤) کەس بووەو بەهۆی کەمی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەش توێژەر هەموو کۆمەڵگەکەی وەک سامپڵ وەرگرتووەتەوە، بەپێی ئەو ئەنجامانەی توێژەر پێ گەیشتووە کۆی گشتی سامپڵی توێژینەوەکە تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ بە شێوەیەکی بەردەوام بەکاردەهێنن، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە سازێنەرانی ڕۆژنامەکانی (کوردستانی نوێ و ئاوێنە)، ڕۆژانە بۆ سازاندنی بابەتە ڕۆژنامەوانیەکانیان پێویستیان بە تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ هەیە.

**٣ – توێژینەوەی عومەر ٢٠٢٣.*****

کێشەی توێژینەوەکە نارونی ڕۆڵی تەکنەلۆژیای نوێی میدیایە لەژووری هەواڵی کەناڵە ئاسمانیە کوردیەکاندا، ئامانجی توێژینەوەکە زانینی ڕۆڵی تەکنەلۆژیای نوێی میدیایە لەپێشخستنی ژوری هەواڵدا و ئاشکراکردنی نموونەی ژووری هەواڵی ئەو کەناڵانەیە کە وەک سامپل وەری گرتوون.

کۆمەڵی توێژینەوەی شیکاریکراو ڕۆژنامەنووسانی ژووری هەواڵن لەکەناڵە ئاسمانیەکان لە(هەرێمی کوردستان – عێراقدا)بە کەناڵی تەلەفزیۆنی تایبەتمەندی هەواڵی ناسراون و ژووری هەواڵ یەکەیەکی سەرەکی و سەربەخۆی نێو ئەو جۆرە کەناڵانەیە کە بەدرێژایی ماوەی پەخش چەند جارێک پەخش نامەی هەواڵ بەشێوازو قاڵبی هونەری جۆراو جۆر پەخشدەکەن.

سامپڵی توێژینەوەکە ناهەڕەمەکی مەبەستدارە وپراکتیزەکردنی سامپڵی توێژینەوە لەسەر (٢٩) بەرپرسانی یەکەی هەواڵ و هەواڵسازو تەکنیککارانی هەرسێ کەناڵی ئاسمانی(RUDAW،NRT، KURDSATNEWS)جێبەجێکراوە، ئەم توێژینەوەیە لە جۆری توێژینەوە وەسفیەکانە.

توێژەر گەیشتوە بەو ئەنجامەی کە تەکنەلۆژیای نوێی میدیا ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە بەڕێوەبردنی ژووری هەواڵدا، هەروەها تەکنەلۆژیای نوێی میدیا ڕۆڵی سەرەکی هەیە لەبەرزکردنەوەی کوالێتی بەرهەمهێنان و سیستەمی پەخش و کوالێتی شاشەکانی گۆڕیوە بۆ (full HD).

**٤- توێژینەوەی بەهات، ٢٠١٦*******

کێشەی توێژینەوەکە بریتیە لە نارونی ئەوهۆکارانەی کاریگەریان لەسەر کاری پەیامنێری کەناڵە ئاسمانیەکان و ئەو هۆکارە تایبەتانە لەڕووی بیرو پیشەوە هەیە لە کاتی جێبەجێکردنی کارەکەی .

ئامانجی توێژینەوەکە ئەوەیە بگات دەرخستن و دیاریکردنی ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان هەیە لەسەر کاری پەیامنێری لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا، توێژەر میتۆدی وەسفی بەشێوەی ڕوپێوی، شیکردنەوەی بۆ بارودۆخ و ژینگەی کاری بەشێک لە پەیامنێرانی کەناڵە ئاسمانیە کوردیەکانی کردووە و ئامرازەی پرسیارنامەی بەکارهێناوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە ئەو کەناڵە ئاسمانیە کوردیانەن کە پەخشیان دەکەوێتە ناوخۆی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی کەناڵە ئاسمانیەکانی(گەلی کوردستان، کوردستان تیڤی، زاگرۆس وسپیدە وپەیام وکەی ئێن ئێن).

لەگرنگتین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە توێژینەوەکە ئەوەشی دەرخستووە کە زۆرینەی ڕەهای هەموو ئەو پەیامنێرانەی کە بەشداریان لە ڕاپرسیەکەدا کردووە لە ڕەگەزی نێرن، لەگەڵ ژمارەیەکی کەم مێینە کە ئەو حاڵەتی ناوهاوسەنگی جێندەریە بەلاوازی و کەموکوڕی لەئێستای کاری میدیایی کەناڵە ئاسمانیە کوردیەکان دانراوە، زۆرینەی بەشداربوانی ڕاپرسیەکان بروانامەی پۆلی (١٢)ی ئامادەییان نەبووە، واتە خوێندنی زانکۆ یان پەیمانگایان تەواو نەکردوەو هیچ بڕوانامەیەکی زانستیان لەهیچ بوارێکدا بەدەست نەهێناوە، کە هەموو ئەو هۆکارانە کاریگەری نەرێنیان لەسەر کاری

پەیامنێران هەبووە بەتایبەتی کە ڕێژەیەکی بەرزی پەیامنێران خوێندنی زانکۆییان لەبواری ڕاگەیاندن و زانستە مرۆڤایەتیەکان بەدەست نەهێناوە.

**ناساندنی چەمک و زاراوەکان**

لەم توێژینەوەیەدا توێژەر هەوڵی داوە هەموو ئەو چەمک و زاراوانەی لەچوارچێوەی گشتی توێژینەوەکەمدا ڕەنگدانەوەیان هەیە ناساندنیان بۆ بکات و پێناسەیەکی ڕێکاری بۆ چەمکەکان بخەمەڕوو بەم شێوەیە:

**یەکەم: تەکنەلۆژیایی نوێ:** مەبەست لەو تەکنەلۆژیایانەیە کە پەیامنێر لەبەرهەمهێنانی کاری میدیایی بەکاری دەهێنێت، کە ئێستا بوەتە پێکهێنەرێکی سەرەکی لە دروستکردن و خێراگەیاندن و پەخشکردنی هەواڵ و زانیاریەکان.

**دووەم: کاری میدیایی:** مەبەست لەکاری میدیایی بەرجەستەکردنی کارێکە لە ناو دامەزراوە میدیاییەکان کە بەو هۆیەوە میدیا دەتوانێت تەواوی ئەو پەیامەی دەیەوێت بیگەیەنێت و ئاراستەی بکات، بەشێکی گرنگی ئەو کارەش پەیامنێرانن کە ئەرکی سەرەکیان دروستکردنی هەواڵ و گەیاندنیانن بۆ دامەزراوە میدیاییەکانیان.

**سێیەم: پەیامنێر:** ئەو ڕۆژنامەنوسەیە نوێنەری دەزگایەکی ڕاگەیاندنە بەشێوەیەکی مەیدانی لە سنورێکی دیاریکراو، یاخود وەک نێردراو لەدەرەوەی وڵاتەکەی کار دەکات و هەواڵ و زانیاری بەشێوەی راستەوخۆ یان تۆمارکراو بۆ دەزگاکەی و وەرگرەکان دەگوازێتەوە.

## بەشی دووەم:
## لایەنی تیۆری توێژینەوەکە

**یەکەم: چەمک و پێناسەی تەکنەلۆژیا**

زۆرکەس وابیردەکەنەوە کە چەمکی تەکنەلۆژیا بەشێوەیەکی سەرەکی پەیوەندی بەو کەرەستەو ئامێرانەوە هەیە کە دروست دەکرێن، کە ئەمەش لەڕووی زانستەوە چەمکێکی هەڵەیە، تەکنەلۆژیا لە ڕاستیدا ئەقڵی مرۆڤە، بیر لە چۆنیەتی بەڕێوەبەردنی ژیان دەکات بۆ باشتر و دابینکردنی ئەو کەرەستەو ئامێرانەی کە بەهۆیانەوە ئەو ئەقڵە لەلایەکی ترەوە باشتر لەپێشووتر خزمەتدەکات.( ادعیس،٢٠١٢: ٢٣)، لەهەندێک سەرچاوەدا باس لەوەکراوە کە یەکەم دەرکەوتنی دەستەواژەی تەکنەلۆژیا لەساڵی ١٧٧٠ی زاینی لە ئەڵمانیا بووە(صبطي،٢٠١٨: ١٢)، هەروەها بەگەڕانەوە بۆ بنچینەی وشەی (TECHNOLOGY)دەردەکەوێت کە وشەی (TECHNOLOGY)لە (TECHNE)زمانی یۆنانی وەرگیراوە، کە بە واتای شارەزایی یان پیشەسازی دێت، هەروەها (LOGY)کە لە (LOGOS)وەرگیراوە کە بەمانای زانین دێت، تێکەڵکردنی ئەو دوو وشەیە دەبێتە زاراوەی "زانستی زانین"،( جورديف،٢٠١٥: ٤١) هەروەها فەرهەنگی زمانی ئینگلیزی ( oxford dictionary ئاماژە بۆ ئەوە دەکات وشەی (techni)بەواتای چۆنیەتی پێشکەشکردنی یان ئەنجامدانی پیشەیەک دێت، وشەی (technology)ش بەمانای زانستێک دێت کەسێک بەشێوە پیشەیی دەیخوێنێت، وەبەشێوەیەکی گشتی وشەی تەکنەلۆژیا پەیوەستە بەکەرەستەو ئامێرە پیشکەوتوە مۆدێرنەکان کە دروستکراوی مرۆڤە بۆ بەرزکردنەوەی توانای مامەڵەکردنی لەگەڵ ئەو ژینگەیەی کە تێیدا دەژی، (النجار،٢٠٠٠: ١٥)هەروەها فەرهەنگی (webster) تەکنەلۆژیا بەزمانی تەکنیک و زانستی کارپێکراو و شێوازی تەکنیکی بۆ گەیشتن بە پێشکەشکردنی پراکتیکی پێناسەدەکات، هەروەها کۆمەڵێک ئامرازە کە بۆ دابینکردنی هەموو شتێکی پێویست بۆ ژیان و گوزەرانی مرۆڤەکان بەکاردێت(حدة،٢٠١٣: ٧).

تەکنەلۆژیا بە مانا فراوانەکەی بەو شتانە پێناسە دەکرێت کە لە جۆرە ماددی و نامادديیەکاندا بوونیان هەیە، کە بە بەکارهێنانی هەوڵی ماددی و فیزیکی بۆ بەدەستهێنانی بەهای ئێمە دروست دەبن لەم چوارچێوەیەدا تەکنەلۆژیا ئاماژەیە بۆ ئامێر و ئامرازەکان کە دەتوانرێت سوودیان لێ وەربگیرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە ڕاستەقینەکانی جیهان.( یوسف،٢٠٢١: ١٦)

**دووەم: جۆرەکانی تەکنەلۆژیای نوێ**

بەکارهێنانی ئامرازە تەکنەلۆژیەکان گۆڕانکاری گرنگیان لەدامەزراوەکان و کۆمەڵگەکان هێناوەتە ئاراوە بۆ ئەوەش پشت بە تەکنەلۆژیا پێشکەوتوەکان بەستراوە، تەکنەلۆژیاش بە چەند جۆرێک دیاریکراوە کە ئەوانیش تەکنەلۆژیای ئامێرەکان و تەکنەلۆژیای زانیاری تەکنەلۆژیا چەند جۆرێکی هەیە کە ئەمانەن:

1- **تەکنەلۆژیای پەیوەندی ئەلیکترۆنی:** بەکاردێت بۆ گواستنەوەی داتاو فایلەکانی دەنگ و ڤیدیۆ و وێنە، لەڕێگەی تۆڕی پێگەی ئۆتۆماتیکیەوە، ئەم تەکنەلۆژیایە وایکردوە پرۆسەی پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەڕێگەی ئەکاونتی کۆمپیوتەرەوە ئەنجامبدرێت.(احمد،٢٠١٣: ٩٥).

2- **تەکنەلۆژیای پەیوەندی کێبلی:** یەکێکە لەو جۆرانەی میدیا لەپرۆسەی گواستنەوەی پەیام و زانیاری دەنگی و ڤیدیۆیی و دەقەکاندا بەکارهاتووە بەشێوەی (analog)یان بەشێوەی (digital)وەپرۆسەی گواستنەوەی پەیامەکان پەیوەشت بە کارۆ موگناتیسی نەرمەوە، وەک ئەوەی لە گواستنەوەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن یان لەپەیوەندی بێتەل ڕوودەدات، (مکاوی،١٩٩٧: ٨٠).

3- **تەکنەلۆژیای پەیوەندی مانگە دەستکردەکان:** بەکارهێنانی مانگە دەستکردەکان لەبواری تەلەفزیۆندا بوەتەهۆی گۆڕانکاریەکی بەرجەستە لە توێژینەوەکانی تەلەفزیۆنیدا، بەو پێیەی بەسەر ئەو کێشانەدا زاڵبوو کە ڕێگربوون لەگواستنەوەی بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان بۆ ناوچە دوورەکان.(حسان،٢٠٢٠: ٧٣)

**سێیەم : کاریگەری تەکنەلۆژیا لەسەر بواری ڕاگەیاندن**

1. تەکنەلۆژیای ڕاگەیاندن مەودای سنور و کات و شوێنی پەیامەکانی ڕاگەیاندنی بەشێوەیەک کورت و خێرا و هەرزان کردوەتەوە لەبڕوای هیچ مرۆڤێکی سەدەکان رابردوودا نەبووە، ئەم ئامێرە بچوک و ساکارانە مرۆڤیان والێکردوە لە ماڵەکەیەوە یان لە ئۆتۆمبێلەکەیەوە یاخود لە شوێنی کارەکەیەوە، هەرکاتێک بیەوێت دەستی بکات بە زۆرترین، هەربۆیە لێرەدا ئاماژە بەچەند خاڵێک دەکەین (سالح،٢٠٠٦: ٧٩):-
2. ڕۆژنامەو گۆڤارەکان، سوود لە تەکنۆلۆژیای نوێ وەردەگرێت، بۆ وەرگرتن و گواستنەوە و گەیاندنی زانیارییەکان.
3. دوای ئەم قۆناغە، سەردەمی ڕۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی گەشەی کرد، بەهۆی گەشەکردنی ئامێرەکانی ریکۆردی دەنگی و ڤیدیۆیەوە، توانرا لە ڕێگای (کاریگەرییە دەنگی و وێنەییەکانەوە) ڕۆڵی زیاتر بێت لەسەر وەرگر.

هاوکات تەکنەلۆژیای نوێ کاریگەری جۆراوجۆر لەسەر پیشەسازی ڕاگەیاندن دروست دەکات لەوانەش .(عابد،٢٠١٧: ٧٣):-

1. خێرایی: یەکێکە لەسودە سەرەکی و دیارەکان لەبەکارهێنانی کۆمپیوتەردا، بەجۆرێک ئەم خێراییە لە کۆمپیوتەرێکەوە بۆ کۆمپیوتەرێکی دیکە جیاوازی دەبێت.
2. وردی: واتە کۆمپیوتەر هەمیشە زانیاریەکی ورد بەبێ کەموکورتی بەرهەم دەهێنێت، لەگەڵ ئەمەشدا هەڵەی کۆمپیوتەر زۆر کەمترن بەبەراوردکردن لەگەڵ گەورەی قەبارەی ئەو داتاو زانیاریانەی کە چارەسەریان دەکات.
3. دەرکەوتنی کۆمپیوتەری کەسی (لاپتۆپ)و فراوانی بەکارهێنانی، ئەم لاپتۆپە لیستێکی گەورە لە خزمەتگوزاری و زانیاری لەخۆدەگرێت، بۆ بەکارهێنانی کەسی بێت یان بۆ سودوەرگرتن بێت لەو زانیاریانەی کە تۆڕەکانی پەیوەندی پێشکەشی دەکەن.
4. پشتبەستن بەوردی: کۆمپیوتەری نوی بەشێوەی وردو رێک کاردەکات بۆ ماوەیەکی زۆر بەبێ روودانی کێشە یان وەستانێک، بازنە ئەلیکترۆنیەکان بەخاوەنی پشتبەستنێکی بەرز دادەنرێن.
5. ئابوری: لەڕووی ئابوریەوە چارەسەری ئەلیکترۆنی پەسەندترە لە چارەسەرکردنی دەستی بۆ زانیاریەکان، ئەم تایبەتمەندیە بەردەوام بوو لە تێچوون لەگەڵ زیادبوون و جێگربوونی تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەردا کەدەبێتە هۆی نزمبونەوەی تێچوون بەشێوەیەکی دیارو ئاشکرا.

**چوارەم : ناساندنی کاری میدیایی**

میدیا کە وەرگێڕاوی وشەیmedia و کۆی وشەی mediumە، کە لە زمانیmediosەوە وەرگیراوە، هۆکارێکە وادەکات پەیوەندی نێوان نێرەرو وەرگرەکان ئاسان و دەستەبەر بێت، بەم پێناسەیە، دەتوانرێت میدیا وەک هۆکاری پەیوەندیکردن هەژمار بکرێت، کە دوو لایەنی هەیە یەکێکیان پەیامەکە دەگەیەنێت و ئەوی دیکەیان وەری دەگرێت،(میرتبار،١٣٩٠: ١٥) ئەوەش وایکردوە مرۆڤەکان لەمرۆدا لەگەڵ میدیا ژیان دەکەن و میدیاش بەشێکی دانەبڕاوە لەژیانی مرۆڤەکاندا،(خانی،١٣١٨: ١٠)

هاوکات کاری میدیایش بەشێکی گرنگە لە تەواوکاری ئەو پەیامانەی کە لەرێگەی میدیاوە بڵاودەکرێنەوە هەربۆیە بەم جۆرە دەناسرێت، کاری میدیا بەدواداچوون و ڕونکردنەوەو گەیاندن و بڵاوکردنەوەی ناوەرۆک و وردەکاری رووداوەکانە، (حسین،٢٠٢٠: ١١٤)بۆ تێگەیشتنیش لە مانای ڕاستەقینەی پێوەرە پیشەییەکانی کاری میدیایی دەبێت پێشوەختە لەوەتێبگەین کە پیشەیبوون خۆی لە نیشتمانی بوونی ڕاستگۆیانەدا دەبینێتەوە و یەکێک لە پێوەرە بنەڕەتیەکانی پیشەییبون، پابەند بوونە بەڕاستگۆری و نەشاردنەوە،.(قانع،٢٠١٦: ٤٠)

**پێنجەم: ناساندنی پەیامنێران:**

پەیامنێر ئەو کەسە دەگرێتەوە نوێنەرایەتی دەزگایەکی ڕاگەیاندن دەکات بۆ گەشتن بە زانیاری و ڕوداو و گێڕانەوەی بۆ هاوڵاتیان بەشێوەی پیشەی و وردو هاوسەنگ.

لەڕوی ڕێزمان و زمانەوانیەوە پەیامنێر ناوێکی لێکدراوە، لە کۆکردنەوەو یەکگرتنی دوو وشەی جیاوازو ماناداری (پەیام)و ڕەگی فرمانی نارد (نێرەر) پێکهاتووە، کە پەیام لە (massage)ئینگلیزی و (الرسالة)ی عەرەبی وەرگیراوە، بەمانای هەرشتێک کە بۆ یەکێکی تر دەنێردرێت، ناردنیش کردارێک یان فەرمانێکە، مانای گواستنەوەی شتێک دەگەیەنێت لەشوێنێک بۆ شوێنێکی تر، یان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، وشەی پەیامنێر گونجاوترین وشەیە لە زمانی کوردیدا بەکاردێت بۆ وەرگێڕدراوی وشەی (CORRESPONDENT)ی ئینگلیزی یان (REPORTER)، هەواڵنێر بە (خبرنگار)یان (خبرنویس)دادەنێن، بەڵام پەیامنێری زمانی کوردی لەڕووی زمانەوانیەوە هیچ کێشەیەکی تێدا نیە،(ئەحمەد،٢٠٠٨: ٩-١٠) لەم سۆنگەیەوە پەیامنێر دەناسێنین بەوەی، پەیامنێر وەکو ڕۆژنامەنوسێک پێناسەدەکرێت کە کارو چالاکیەکانی لەدەرەوەی ئەو دەزگایەی کە کاری بۆ دەکات و کاردەکات.(جەعفەر،٢٠١٢: ٤٧) یان دەتوانین بڵێین ئەو کەسەیە، کە زۆرترین پشتی پێدەبەسترێت، بۆ دەستپێشخەری ڕۆژنامەنووسی لە خێرای بڵاوکرانەوەی هەواڵیدا،(عەلی،٢٠١٨: ١١٠) پەیامنێری واتە ئاگادارکردنەوەی ڕای گشتی لەخاڵەگرنگەکانی ڕوداوێک بێئەوەی لایەنە جیاجیاکانی ئەو ڕووداوە کەمبایەخ پشانبدات، گەر وەک پەیامنێرێک ئەو مەبەستەی جێبەجێکرد، ئەوا گەیشتوەتە ئامانجەکانی پەیامنێری(پریدمور،٢٠١٨: ٨)، هەروەها پەیامنێر ، نەک تەنها لەنێو تیمی تەلەفزیۆندا، بەڵکو لەنێو هاوکێشە بەرفراوان و ئاڵۆزەکانی میدیایی تەلەفزیۆنیشدا، ڕۆڵ و پێگەیەکی جەوهەری هەیە، هەروەک بەچاوی کەناڵە هەواڵیەکەش دەناسرێت، (عەبدولرەحمان،٢٠١٩: ٦٠).

**شەشەم: جۆرەکانی پەیامنێر:**

پەیامنێر بەسروشتی کارەکەی دەبێت بەچەند جۆرێکەوە کە بەپێی ئەو سیفاتانەی هەیەتی کارەکانی تێدەپەڕێنێت کە جۆرەکانی ئەمانەن:

1. پەیامنێری ناوخۆ:- ئەو جۆرەی پەیامنێرە کە لەناو دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن یان تەلەفزیۆن کاردەکات کە لەناو دەوڵەتەکەی خۆی و نیشتمانەکەیدایە، کە زانیاری بەردەوام لەسەر هەواڵە ناوخۆییەکان بەدەست دەهێنێت بۆ دامەزراوەکەی(قەرەداغی،٢٠١٨: ١٠٢).
2. پەیامنێری دەرەکی: ئەوانەن لە پایتەختەکانی جیهاندا پەرشبونەتەوە، ئەو پایتەختانەی بەشی کارگێڕی بەپێی خولیاو دەربازبوونی کەناڵەکەو پەیوەندیەکانی و یاسا و سیاسەتی وڵاتەکەیان دەستنیشانیان دەکات، دەکرێت پەیامنێرێک بۆ سەرتاپای دەڤەرێک نەک تەنیا وڵاتێک دابنرێت.(ئەمین،٢٠١٩: ٢٦-٢٧)
3. پەیامنێری موبایل (mojo): لەئێستادا پشت بە موبایل بەستراوە بۆ بەرهەمهێنانی ناوەرۆکی میدیایی، هەوەها ناوی (موبایل هاتف المحمول mojo)خراوەتە بازارەوە، کە ئێستا بۆ ئاماژەکردن بەو ڕۆژنامەنوسانە بەکاردێت کە بەتەنیا کاردەکەن.(الهادی،٢٠٢٣: ٢٦)
4. پەیامنێری جەنگ: تیشک دەخەنەسەر چالاکی و کارەکانیان لەکاتی شەڕەکان، لە هەڵگرتنی مەترسیەکان و ڕوبەڕوبونەوەی باروددۆخی ناسروشتی بۆ ڕوماڵکردنی هەواڵی شەڕەکان لە بەرەکانی شەڕدا، هەندێک جار لە گەڵ سەربازەکان لەبەرەکانی پێشەوە دەبن، هەندێکجاریش لەگەڵ سوپاکان کاتێک ڕێپیوان و شەڕدەکەن بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە تیمێکی کاری تایبەت بۆ ڕوماڵ ئامادە دەبن. (ئەحمەد،٢٠٠٣: ٢٦).
5. پەیامنێری ئازاد (free lanc) : ئەو جۆرە پەیامنێرانەن کە وابەستە نین بەمەرج و لایەنی کارگێڕی هیچ دەزگایەکی ڕادیۆیی یان تەلەفزیۆنی بەڵکو بەشێوازی خۆی کاردەکات بۆ بەدەستهێنانی زانیاری ڕۆژنامەوانی جا نوسراو بێت یان وێنەیی، بۆئەوەی بیفرۆشێتەوە بە دەزگاو ئاژانسەکانی ڕاگەیاندن(قەرەداغی،٢٠١٨: ٧٨).
6. پەیامنێری گەڕۆک: ئەو جۆرە پەیامنێرانەن کە تایبەتن بە ڕووماڵکردن لەناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراو، کە یان لە چوارچێوەی یەک وڵاتدایە یان چەند شارێکی نزیک لە یەکتر، یەکێک لەو شوێنانە وەک ناوەندێک دیاری دەکات لە

ناوچە جوگرافیاکەیدا بۆ کارکردن و لەکاتی پێویستدا بۆ سەرجەم شوێنەکانی دیکەش دەچێت.( قەرەداغی،٢٠١٨: ٧٨).

7. پەیامنێری هەمیشەیی: ئەو پەیامنێرەیە کە نوێنەری ڕۆژنامە یان کەناڵی ڕاگەیاندن دەکات لە پایتەختی وڵاتان، کە ڕۆڵی نێردراوی کەناڵەکە دەبینێت و وەگرنگترین ڕوداو زانیاری و پێشهاتەکانی ئەو وڵاتە دەگەیەنێتە کەناڵەکەی.(عەلی١١١:٢٠١٨)

**حەوتەم: تایبەتمەندیەکانی پەیامنێران:**

هەر پەیامنێرێک کۆمەڵێک تایبەتمەندی بەخۆی هەیە کە لەکاتی ئەنجامدانی کاری پەیامنێری بەرجەستەیان دەکات بۆ ئەنجامدانی کارەکەی بەشێوەیەکی سەرکەوتوو کە ئەمانەن:

1. **هەستکردن بە هەواڵ:** هەستکردن بە هەواڵ لەسەروی لیستی توانا تایبەتیەکانەوە دادەنرێت کە (پەیامنێر، کۆکەرەوەی هەواڵ)پێویستی پێیەتی و مانای توانای ناسینی هەواڵ دەبەخشێت لەناو زانیاریەکاندا (ماگدۆگاڵ، ٢٠١٩: ٣٠)
2. **گەڕان بەدوای هەواڵدا:** پەیامنێر پێویستە لەبری ئەوەی لەچاوەڕوانی بەدەستهێنانی لەناکاوی هەواڵێکدا بێت، پیویستە ڕێگاکانی هەواڵ وەرگرتن و کاتە گونجاوەکەی بەباشی بناسێت، بۆ نمونە بۆ زانیاری پێویستە ڕاستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان هەبێت.(فەرهەنگی،٢٠٠٨: ٧٣)
3. **لێکدانەوەو شیکردنەوە:** هەوڵدانە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری (بۆ)لە ڕووداوێکدا یان گەشتنە بە بنج و بنەوانی پرسێک، لەم ڕێگەیەدا پێویستە پەیامنێر تادەکرێ زانیاری کۆبکاتەوەو ئاشکرایان بکات تا لایەنە ڕاستیەکان بێلایەنانە دەربخات.(کەرکوکی،٢٠٠٧: ٨٦)
4. **گومان کردن لەسەرچاوەکان:** گومانکردن لە سەرجەم سەرچاوەکان، لەبەرچی ئەو کەسە ئەو زانیاریەم پێدەدات؟ پاڵنەرەکەی چیە؟ ئایا پێگەیەکی وای هەیە شایەنی ئەوەیە ئەو ڕاستیە بزانێت کە وای دەردەخات.(ڕانداڵ،٢٠١٠: ٣١)
5. **خێرای لەکاردا:** هەمیشە بابەتە ڕۆژنامەوانیەکان پێشبڕکێ لەکورتکردنەوەی کاتدا دەکەن، بێگومان ئەوەش تەنیا پەیامنێران ئەنجامی دەدەن، لەئێستادا کەناڵەکانی ڕاگەیاندن خێرای لەگەیاندنی هەواڵ و زانیاریەکان ئامانجی یەکەمیانە،.(ئەحمەد،٢٠٠٨: ٢٨)
6. **پاراستنی بنەماکانی بێلایەنی:** بێلایەنی لەگواستنەوەی زانیاریەکان بۆ خەڵک مەرجێکی ئەخلاقیەو پیامنێر دەبێت ئەمە بکاتە بەشێکی زیندو لە ویژدانی و بەئەرکی ئەخلاقی پیشەیی خۆی بزانێت،.(ئەحمەد،٢٠٠٨: ٣٥)
7. **ڕەفتاری گونجاوی کۆمەڵایەتی:** ڕۆژنامەنووس لەو شوێنەی کە لەگەڵ سەرجەم کۆمەڵدا لە پەیوەندیدایە پێویستە ئاشنابێت بەو نەریتە پیکەوە ژیانەی جێی پەسەندی کۆمەڵگەو ڕازیبونی زۆرینەی خەڵک، چونکە بوونی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی گونجاو تایبەتمەندیەکی بنچینەییە بۆ پەیامنێر. (ڕۆستی،٢٠٢٠ : ٩١)

## بەشی سێیەم:
## خستنەڕووی ئەنجامی گشتی ڕاپێوی توێژینەوەکە:

**تەوەری یەکەم: خستنەڕووی زانیاریە دیموگرافیەکانی بەرتوێژان:**

1. **ڕەگەزی بەرتوێژان:** بەپێی خشتەی خوارەوە ئەنجامەکان ئاماژە بەوەدەکەن بە پلەی یەکەم (مێ)یە بەرێژەی (٦٤,٨٪) و چەندبارە بووەی (١١٨) جار، هەرچەندە کاری پەیامنێری بۆ ڕەگەزی مێ ئاسان نیە، بەڵام زۆر گرنگیدانی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بە ڕەگەزی مێ لەکاتی ڕاگەیاندنی هەڵی کار بۆ کاری پەیامنێری وایکردوە ژمارەی ڕەگەزی مێ لە نێر زیاتر بێت، بە پلەی دووەم ڕەگەزی (نێر)ە بەرێژەی (٣٥,٢٪)و چەند بارەبووەی (٦٤)جار.

**خشتەی (١)**
**ڕەگەزی بەشداربووان**

| ڕەگەز | چەندبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| **مێ** | ١١٨ | ٦٤,٨٪ |
| **نێر** | ٦٤ | ٣٥,٢٪ |
| **کۆ** | ١٨٢ | ١٠٠٪ |

2. **تەمەنی بەرتوێژان:** لێرەدا باسی تەمەنی بەرتوێژان دەکەین بەساڵ کە کەمترین تەمەن لە (١٨) ساڵەوە دەستپێدەکات تاوەکو سەرو (٣٨) ساڵ.

بەگوێرەی ئەنجامەکان کە بەرتوێژان لەنێوان پێنج تەمەنی جیاوازدا دابەشکراون، زۆرترین پەیامنیران تەمەنیان لەنێوان (٢٣-٢٧)ساڵیدایە، ئەوەش بەبڕوای توێژەر هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەوتەمەنەدا هەم تاکەکان توانایەکی جەستەی زیاتریان هەیەو زیاتریش بەرگەی بەرەنگاری هەرجۆرە پێشهات و فشارو ئاستەنگ و کێشەیەک دەگرن کە ڕوبەڕویات دەبێتەوە لەکاتی کارکردندا، یاخود بەشێکیشی پەوەیدی بوەوە هەیە کە لەو تەمەنەدا بەشێکی زۆر لە پەیامنیران بێجگە لە کارەکەیان ئەرکی تری وەک پێکهێنانی پرۆسەی هاوسەرگیری و ئەرکی خوێندنیان لەسەر نیە و باشتر دەتوانن ئەرکەکانیان لەکاتی بونە پەیامنێر ڕاپەڕێنن، دوای ئەو تەمەنەش لەنێوان تەمەنەکانی (٣٢_٣٨) ساڵی بە پلەی دووەم، (٢٣-٢٧) ساڵی بە پلەی سێیەم، (١٨-٢٢)بەپلەی چوارەم، سەروو تەمەنی سی و هەشت ساڵ بەپلەی پێنجەم دێت، ئەمەش ئەوە دەردەخات زۆربەی پەیامنێرانی هەرێمی کوردستان گەنجن کە کاردەکەن لە دامەزراوە میدیاییەکانداو زۆربەشیان سەرەتای ئەزمونی کارکردن و دەستپێکی کارکردنیانە لە کاری پەیامنێری، وە ئەو پەیامنێرانەشی ئەزمونی زیاتریان هەیە کەمتر لەکارەکە دەمێننەوەو دەبنە بەرپرسی پەیامنێران یان بەرپرسیاریەتی تر لەناو دامەزراوەمیدیاییەکان وەردەگرن وەک لەخشتەی ٢خراوەتەروو.

**خشتەی (٢)**

**تەمەنی بەرتوێژان**

| تەمەن | چەندبارەبووەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ١٨-٢٢ | ٢٦ | ٪١٤,٣ |
| ٢٣-٢٧ | ٦٢ | ٪٣٤,١ |
| ٢٨-٣٢ | ٤٨ | ٪٢٦,٤ |
| ٣٣-٣٧ | ٢٧ | ٪١٤,٨ |
| ٣٨ زیاتر | ١٩ | ١٠,٤ |
| کۆ | ١٨٢ | ٪١٠٠ |

3. **ساڵی کارکردن:** بەگوێرەی ئەنجامەکانی خشتەی خوارەوە، بەرێژەی(٪٣٩,٦ زۆرترین پەیامنێران لەنێوان ساڵانی (١-٣)ی کارکردنیاندان، بەرای توێژەر لەبەرئەوەی کاری پەیامنێری کارێکە بەبەراوردی بەشەکانی تری ناو دامەزراوە میدیاییەکان قورستره، بەپێی ئەنجامە ئامارییەکان زۆربەی پەیامنێران لە ئەزموونی سەرەتای کارکردنیاندان، هەروەها بەپلەی دووەم ئەو پەیامنێرانەن کە زیاتر لە (١٠)ساڵ ئەزموونیان هەیە بەرێژەی (٪٣٠,٢)، ئەمەش ئەوە دەردەخات ئەو پەیامنێرانەی ئەزموونێکی زۆری ساڵانی کارکردنیان هەیە لەدامەزراوە میدیاییەکان پشتیان پێدەبەسترێت بۆ گواستنەوەی زانیاری و ڕووداوەکان و دروستکردنی ژانرەجیاوازەکانی میدیا.

**خشتەی (٣)**

**ساڵانی خزمەت**

| ساڵانی خزمەت | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | |
|---|---|---|---|
| ١-٣ ساڵ | ٧٢ | ٪٣٩,٦ | |
| ٤-٦ ساڵ | ٣٨ | ٪٢٠,٩ | |
| ٧-٩ ساڵ | ٢٣ | ٪٧,١ | |
| ١٠ ساڵ زیاتر | ٥٥ | ٪٣٠,٢ | |
| . | ٤ | ٪٢,٢ | زانیاری لەدەست چوو |
| کۆی گشتی | ١٨٢ | ٪١٠٠ | → |

4. **ژمارەی ئەو کەناڵانەی بەرتوێژان کاریان بۆ دەکەن:** لێرەدا باسی پەیامنێران دەکەن کە ئایا بۆ تەنیا یەک دامەزراوەی میدیایی کاردەکەن یان بۆ زیاتر لە دامەزراوەیەک کاردەکەن،لەخشتەی خوارەوە ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە (٪٦٧,٠)پەیامنێرانی مەیدانی بۆ یەک دامەزراوەی میدیایی کاردەکەن، بەدوبارە بووەوەی (١٢٢)، بەڕای توێژەر، پەیامنێران بەهۆی سروشتی کارەکەیان کە کاتی زۆری پێویستە کەمتر بۆیان دەگونجێت لەیەککاتدا بۆ چەند دامەزراوەیەک کاربکەن، کەمتریش لەلایەن دامەزراوە میدیاییەکانیانەوە ڕێگە بەپەیامنیران دەدرێت بۆ چەند دامەزراوەیەکی میدیایی جیاواز کاربکەن، تەنیا لە چەند حاڵەتێکدا نەبێت کە ئەو دامەزراوە میدیاییانە یەک سیاسەتی کارکردن یان یان سەر بە یەک ناوەندی بڵاوکردنەوە یاخود سەر بە یەک پارتی سیاسیبن. لەپلەی دووەم ئەو پەیامنێرانە دێن بۆ دوو دامەزراوە کاردەکەن لەیەک کاتدا کە( ٪١٥,٩)بە دووبارە بووەوەی (٢٩)، هەرچی ئەو پەیامنێرانەن کە بۆ سێ کەناڵ زیار کاردەکەن ژمارەیەکەیان کەمتر دەبێتەوە بە چەندبارە بونەوەی (١٢).

**خشتەی (٤)**

**ژمارەی ئەو کەناڵانەی کاری بۆ دەکەیت**

| شوێنی کارکردن | چەندبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | |
|---|---|---|---|
| ١ کەناڵ | ١٢٢ | ٪٦٧,٠ | |
| ٢ کەناڵ | ٢٩ | ٪١٥,٩ | |
| ٣ کەناڵ | ١٢ | ٪٦,٦ | |
| زیاتر | ١٤ | ٪٧,٧ | |
| ٦ کەناڵ | ١ | ٪٠,٥ | |
| . | ٤ | ٪٢,٢ | زانیاری لەدەستچوو → |

5. **جۆری بڕوانامەی بەرتوێژان:** بۆ زانینی ئاستی خوێندن و بڕوانامەی پەیامنێران ئاستەکان ئاراستەی بەرتوێژان کراوە بەگشتی،لە خشتەی خوارەوە ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە (٪٤٧,٨)ی پەیامنیرانی مەیدانی بەدووبارە بووەوەی (٨٧)خاوەن بڕوانامەی بەکالۆریۆسن، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە پەیامنێران لەئاستێکی خوێندەواری باشدان و دەرچووی زانکۆکانن، بەوەش ئاستی تێگەیشتن بۆ کاری پەیامنێریان زیاترە، بڕوانامەی دبلۆم لەپلەی دووەمدایە بەرێژەی (٪٣٣,٠)و دوبارە بوەوەی (٦٠)، بەپلەی سێیەم پەیامنێران خاوەن بڕوانامەی ئامادەیین بەرێژەی (٪١٠,٤)بەدوبارە بوەوەی (١٩)، لەپلەی چوارەمیش، پەیامنێرانی خاوەن بڕوانامەی بنەڕەتی دێن بەرێژەی (٪٤,٩)بەدوبارە بوەوەی (٩)، ئەم دوو ئاستەی دواتر زۆربەی کات ئەوە هێناویەتە کایەوە دامەزراوە میدیاییەکان ڕەچاوی بڕوانامە لە وەرگرتنی پەیامنێران ناکەن. لەپلەی پێنجەمیش خاوەن بڕوانامەی ماستەرە کە تەنیا (٥)پەیامنێرن ولەبڕوانامەی دبلۆمی باڵاش یەک پەیامنێر هەبوو، بەوەش سەرەڕای گرنگی پیشەی پەیامنێری کەمترین ئەو کەسانەی بڕوانامەی باڵایان هەیە دەبنە پەیامنێری مەیدانی لەکەناڵەکان.

**خشتەی (5)**

**ئاستی بڕوانامەی بەرتوێژان**

| ئاستی خوێندن | چەندبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بنەڕەتی | ٩ | ٪٤٠٩ |
| ئامادەیی | ١٩ | ٪١٠,٤ |
| دبلۆم | ٦٠ | ٪٣٣,٠ |
| بەکالۆریۆس | ٨٧ | ٪٤٧,٨ |
| دبلۆم باڵا | ١ | ٪٠,٥ |
| ماستەر | ٥ | ٪٢,٧ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | ١ | ٪٠,٥ | زانیاری لەدەستچوو |
| کۆی گشتی ١٨٢ | ٪١٠٠ | | |

6. **جۆری دامەزراوەی میدیایی بەرتوێژان کاری تێدا دەکەن:** لێرەدا باسی ئەو دامەزراوەو میدیاییانە دەکەین کە بەرتوێژان کاری تێدا دەکەن بە ئەهلی یان حزبیەوە.لەخشتەی خوارەوە دەردەکەوێت کە ڕێژەی ئەو پەیامنێرانەی کاری مەیدانی دەکەن بۆ دامەزراوە حزبیەکان دەکەن، ڕێژەکە (٪٥٦,٠)ە، بە چەندبارەبونەوەی (١٠٢)، لێرەدا دەردەکەوێت کە ژمارەی دامەزراوە حزبیەکان زیاترە لە ئەهلیەکان یان سێبەرەکان کە خۆیان وەک ئەهلی ناوناوە، بەوپێیەی زۆرترین پەیامنێران ڕاستەوخۆ دامەزراوە میدیاییەکانیان بە حزبی ناساندووەکە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەلایەن حزبەکانەوە پشتیوانی مادی دەکرێن یان سیاسەتی دامەزراوەکانیان دادەڕێژرێتەوە،لەلایەکی ترەوە ئەو پەیامنێرانەی لە دامەزراوە ئەهلیەکان کاردەکەن ڕێژەکەی (٪٤٤,٠)و دوبارە بوەوەی (٨٠)یە، لێرەشدا ئەوە ڕوندەبێتەوە، میدیایی حزبی بەسەر میدیایی ئەهلیدا باڵادەستترە لەکاری مەیدانی لای پەیامنێران.

**خشتەی ژمارە (٦)**

**جۆری دامەزراوە کە کاری بۆ دەکەیت**

| جۆری میدیا | چەندبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| حزبی | ١٠٢ | ٪٥٦,٠ |
| ئەهلی | ٨٠ | ٪٤٤,٠ |
| کۆی | ١٨٢ | ٪١٠٠ |

7. **جۆری پسپۆری بەرتوێژان:** هەبوونی بڕوانامەی زانستی لەبواری پەیامنێری یان نەبوونی ئەو بڕوانامەیە ڕوندەکەینەوە، بەپێی ئەنجامەکانی ناو خشتەکە ژمارەی ئەو پەیامنێرانەی کە بڕوانامەی ڕاگەیاندنیان هەیە کەمترن لەو پەیامنێرانەی کە هیچ بڕوانامەیەکیان نیە، یان بڕوانامەی بەشەجیاوازەکانی تریان هەیەو دەرچووی پسپۆڕیە جیاوازەکانی ترن بەجۆرێک ڕێژەی (٪٥٠) بەچەندبارەبونەوەی (٩١) دەرچووی بەشەجیاوازەکانی تری زانکۆ و پەیمانگاکانن، بەڕای توێژەر کاریگەری لەسەر ئاستی شارەزایی و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕوماڵ و ئامادەکردنی بابەتە ڕۆژنامەوانیەکان هەیە، زۆرجاریش ڕەخنە لە پەیامنێران دەگیرێت لە جێبەجێکردنی کارە ڕۆژنامەوانیەکانیان کە لەدەرەوەی ئاکارو یاسایی کاری ڕۆژنانەوانی مامەڵەدەکەن، هاوکات بەڕێژەی (٪٤٦,٧)ی بەرتوێژان دەرچووی بەشەکانی ڕاگەیاندنن، ئەم ڕێژەیەش بەبەراوردی ساڵانی پێشوو زیاتر بووە بەهۆی زۆری دەرچووانی بەشەجیاوازەکانی راگەیاندن لە زانکۆ و پەیمانگاکان و خواستی ئەو دەرچووانە بۆ کارکردن لە بواری پەیامنێری لەدامەزراوە جیاوازەکانی ڕاگەیاندن.

**خشتەی (7)**

**ئاستی پسپۆری بەرتوێژان**

| پسپۆری | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕێژەی کەڵەکەبوو | |
|---|---|---|---|---|
| ڕاگەیاندن | ٨٥ | ٪٤٦,٧ | ٪٤٨,٥ | |
| بەشی تر | ٩١ | ٪٥٠ | ٪٩٩,٤ | |
| ٣ | ١ | ٪٠,٥ | ٪١٠٠ | |
| . | ٥ | ٪٢,٧ | | زانیاری لەدەستچوو |
| کۆی گشتی | ١٨٢ | ٪١٠٠ | | |

8. **بەرتوێژان چ جۆرە تەکنەلۆژیایەک بەکاردەهێنن:** لێرەدا باس لە جۆرەکانی تەکنەلۆژیا دەکەین ئەوانیش (مۆبایل، کۆمپیوتەر، ئامێری گواستنەوەی ڕاستەوخۆ live stream box ، ئامێری پەخشsng) .

بەپێی زانیاریەکانی ناوخشتەکە زۆرترین پەیامنێران بەکارهێنەری ئامێری گواستنەوەی پەخشی ڕاستەوخۆ(live stream box)ن، بە چەندبارەبونەوە (١٢٢)، بەپێی ئەم داتایە تائێستاش لەناو ئامێرە کۆن و نوێکانی تەکنەلۆژیا ئامێری گواستنەوەی پەخشی ٨. ڕاستەوخۆ زۆرترین بەکارهێنەری هەیە کە ئەو ئامێرە دەتوانێک ڕاستەوخۆ وێنە لەکامێراوە بگوازێتەوە ناو سیستمی پەخشی کەناڵەکان و ڕاستەخۆ پەخش بکرێت. دواتر موبایل بەپلەی دووەم دێت کە زۆرترین چەندبارەبونەوەی(٥٦)ە، کە بەوەش دەتوانین بڵێین موبایل بەڕێگەی ئەپەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکانەوە زۆرترین دیمەنی ڕاستەوخۆ بۆ دیجیتاڵ میدیاکان دەگوازێتەوە کە پەیامنێران بەکاری دەهێنن، کەمترین بەکارهینەری کۆمپیوتەرو ئامێری پەخش (sng). ئەوەش هۆکارەکەی بۆ پێشکەوتنی ئامێرە تەکنەلۆژیە نوێکان دەگەڕێتەوە کە ئێستا وەک جێگرەوەیان بەکاردێن.

**خشتەی (٨)**

**جۆرە بەکارهاتوەکانی تەکنەلۆژیا لای بەرتوێژان**

| ئامێری تەکنەلۆژیا | چەندبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ئامێری گواستنەوەی پەخشی ڕاستەوخۆ | ١٢٢ | ٪٦٦,٣ |
| موبایل | ٥٦ | ٣٠,٦ |
| کۆمپیوتەر | ٢ | ٪١,١ |
| SNG | ٤ | ٪٢,٢ |
| کۆ | ١٨٢ | ٪١٠٠ |

**ئامێری بەکارهاتوو**

| Value | Observed N | Expected N | Residual |
|---|---|---|---|
| مۆبایل | 56 | 46.00 | 10.00 |
| کۆمپیوتەر | 2 | 46.00 | -44.00 |
| گواستنەوەی ڕاستەوخۆ | 122 | 46.00 | 76.00 |
| پەخشی sng | 4 | 46.00 | -42.00 |
| Total | 184 | | |

بەپێی ئەنجامی تاقیکردنەوەی کای دووجا بۆ ئەم پرسیارە، لەبەر ئەوەی ئەنجامە بەدەست هاتووەکە کەمترە لە (٠,٠٥)بۆیە جیاوازییەکی بەرچاو هەیە لە ڕای بەشداربووان بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، بۆ زیاتر دەرخستنی جیاوازییەکە وێنەی خوارەوەمان ئەنجامداوە .

وەك لە ئەنجامەکانەوە دەردەکەوێت، زۆرینەی پەیام نێران (ئامێری پەخشی ڕاستەوخۆ live stream box)بەکاردەهێنن، مۆبایل بە پلەی دووهەم دێت.

## 9. تەکنەلۆژیای نوێی گەیاندن کاریگەری لەسەر کاتی گەیاندنی پەیامە میدیاییەکانی پەیامنێر بەوەرگرانی کردووە؟

لەخشتەی خوارەوە دەرکەوتووە، (٤٢,٩٪)پەیامنێران بەچەندبارەبونەوەی (٧٨)باوەڕیان وایە کە زۆرجار تەکنەلۆژیای نوێ کاریگەری هەیە لەسەر خێرایی گەیاندنی پەیامەکانی پەیامنێران، (٣٥,٢)) بەدوبارە بوەوەی (٦٤) باوەڕیان وایە هەمیشە ئەم کاریگەرییە هەیە لەسەر خێرایی گەیاندن. تێکڕا (٧٧٪باوەڕێکی زۆر ئەرێنیان هەیە لەسەر کاریگەری تەکنەلۆجیای نوێ بۆ خێراکردنی گەیاندنی پەیامەکان. ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە پەیامنێران پێیان وایە خێراتر پەیامەکان دەگەنە وەرگران بەهۆی ئامێرە تەکنەلۆژیەکانەوە کە ئێستا زۆربەی ژانرە جیاوازەکانی کاری میدیایی بەشێوەی ڕاستەوخۆ دەگەیەنرێن و وەرگر لەچاوەڕوانی نامێنیتەوە.

**خشتەی (٩)**

**کاریگەری تەکنەلۆژیا لەسەرکاتی گەیاندنی پەیامی میدیایی**

| گۆڕاو | چەندبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| دەگمەن | ٤ | ٪٢,٢ |
| هەندێك جار | ٣٢ | ٪١٧,٦ |
| زۆرجار | ٧٨ | ٪٤٢,٩ |
| هەمیشە | ٦٤ | ٪٣٥,٢ |
| زانیاری لەدەستچوو | ٤ | ٢,٢ |
| کۆی گشتی | ١٨٢ | ٪١٠٠ |

## 10. -تەکنەلۆژیای نوێی گەیاندن کاریگەری لەسەر شێوازی بەرهەمهێنانی پەیامە میدیاییەکانی پەیامنێر کردووە؟


لای ئەو پەیامنێرانەی کە وەڵامی پرسیارەکەیان داوەتەوە بەڕێژەی (٤٢,٣٪)و بەچەندبارەبونەوەی (٨٦)زۆربەی پەیامنێران پێیان وایە تەکنەلۆژیای نوێی گەیاندن زۆر جار کاریگەری لەسەر شێوازی بەرهەمهێنانی پەیامە میدیاییەکانی پەیامنێر کردووە و بەشێکیشیان پێیان وایە هەمیشە ئەو کاریگەریە لەسەر بەرهەم هێنانی پەیامە میدیاییەکان هەیە ئەویش بەڕێژەی (٢٤,٧٪)و بەچەندبارەبونەوەی (٤٥) لەپلەی سێهەمیش هەندێک جار دێت بەڕێژەی (٢١,٤٪)و بەچەندبارەبونەوەی (٣٩)ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە تەکنەلۆژیا کاریگەری تەواوی لەسەر شێوازی بەرهەمهێنانی پەیامە میدیاییەکانی پەیامنێران هەیە.

**خشتەی (١٠)**

**کاریگەری تەکنەلۆژیا لەسەرشێوازی بەرهەمهێنان**

| گۆڕاو | چەندبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| هەرگیز | ٢ | ٪١,١ |
| دەگمەن | ٤ | ٪٢,٢ |
| هەندێکجار | ٣٩ | ٪٢١,٤ |
| زۆرجار | ٨٦ | ٪٤٢,٣ |
| هەمیشە | ٤٥ | ٪٢٤,٧ |
| زانیاری لەدەستچوو | ٦ | ٪٣,٣ |
| کۆ | ١٨٢ | ٪١٠٠ |

11. جیاوازی ئاماری بۆبەکارهێنانی تەکنەلۆژیا بە پێێ ڕەگەز:بەپێی پێوانە ئاماریەکان دەرکەوتووە کە ڕەگەزی مێ زۆرتر تەکنەلۆژیا بەکار دەهێنن بەشێوازێکی زۆرجاو و هەمیشەیی لە کاری پەیامنێرییاندا بە بەراورد بە ڕەگەزی نێر.





| | | | هەرگیز | دەگمەن | هەندێك جار | زۆرجار | هەمیشە | کۆی گشتی ئاسۆیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕەگەز | مێ | ژماردن | 2 | 1 | 21 | 46 | 47 | 117 |
| | | ئاسۆیی ٪ | 1.70% | 0.90% | 17.90% | 39.30% | 40.20% | 100.00% |
| | | ستوونی ٪ | 100.00% | 25.00% | 63.60% | 67.60% | 64.40% | 65.00% |
| | | کۆی گشتی ٪ | 1.10% | 0.60% | 11.70% | 25.60% | 26.10% | 65.00% |
| | نێر | ژماردن | 0 | 3 | 12 | 22 | 26 | 63 |
| | | ئاسۆیی ٪ | 0.00% | 4.80% | 19.00% | 34.90% | 41.30% | 100.00% |
| | | ستوونی ٪ | 0.00% | 75.00% | 36.40% | 32.40% | 35.60% | 35.00% |
| | | کۆی گشتی ٪ | 0.00% | 1.70% | 6.70% | 12.20% | 14.40% | 35.00% |
| کۆی گشتی ستوونی | | ژماردن | 2 | 4 | 33 | 68 | 73 | 180 |
| | | ئاسۆیی ٪ | 1.10% | 2.20% | 18.30% | 37.80% | 40.60% | 100.00% |
| | | ستوونی ٪ | 100.00% | 100.00% | 100.00% | 100.00% | 100.00% | 100.00% |
| | | کۆی گشتی ٪ | 1.10% | 2.20% | 18.30% | 37.80% | 40.60% | 100.00% |

هەرچەندە جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان ژمارەی بەکارهێنەرانی هەردووڕەگەز بۆ تەکنەلۆژیا لە کاری پەیامنێریدا، جیاوازییەکە لەڕووی ئامارەوە کاریگەر نییە. واتە هەردوو ڕەگەز بە ڕەچاوکردنی ژمارەکانیان هاوشێوەن لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا بۆ کارەکانیاندا، ئەمەش لە پاتێرنی (نمط) چارتەکەدا (وێنەکەی یەکەم) ڕەنگدانەوەی هەیە.


### 12. جیاوازی ڕەگەزی پەیامنێر لە جۆری تەکنەلۆژیای نوێدا:

هەردوو ڕەگەزی پەیامنێران زۆرترین ڕێژەیان تەکنەلۆژیای نوێ بەکاردەهێنن، بەڵام ژمارەی پەیامنێرانی مێ بۆ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ بەشێوەی "هەمیشەیی " و "زۆر جار "زۆر زیاتر بوون لە ڕەگەزی نێر.




### 13. جیاوازی ئاستی خوێندەواری پەیامنێرانی میدیای حیزبی و میدیای ئەهلیدا هەیە ؟

بە گشتی ئاستی بڕوانامە و خوێندەواری لە میدیای ئەهلی و حیزبیدا نزیکن لەیەك، بەڵام زۆرترین ڕێژەی میدیاکارانی خاوەن بڕوانامەی بنەڕەتی لە کەرتی حیزبیدا، واتە ئاستی خوێندەواری ئەو پەیامنێرانەی لە دامەزراوە حکومیەکان کاردەکەن نزمترە تاوەکو ئەو دامەزراوانەی بێلایەنن یاخود سەر بەکەرتی تایبەت و کەناڵی سێبەرن.




## دەرئەنجام

١-زۆرینەی پەیامنێرانی مەیدانی دامەزراوە میدیاییەکان تەنها بۆ یەک دامەزراوەی میدیایی کاردەکەن.

٢- زۆرینەی پەیامنیراندامەزراوە میدیایەکان خاوەن بڕوانامەی بەکالۆریۆسن، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە پەیامنێران لەئاستێکی خوێندەواری باشدان و دەرچووی زانکۆکانن.

٤- ڕێژەی ئەو پەیامنێرانەی کاری مەیدانی دەکەن بۆ دامەزراوە حزبیەکان ، زیاترە لە ئەهلیەکان یان سێبەرەکان کە خۆیان وەک ئەهلی ناوناوە.

٥-زۆرینەی ئەو پەیامنێرانەی کەساملێی ئەم توێژینەوەیەن لەپلەی ئەکەمدا خاوەنی پسپۆری دیکەن جگە لە پسپۆری بەشەکانی ڕاگەیاندن لە زانکۆ وپەیمانگاکان.

٦- بەپێی سەرئەنجامەکان زۆرترین پەیامنێران بەکارهێنەری ئامێری گواستنەوەی پەخشی ڕاستەوخۆ(live stream box).

٧-زۆربەی پەیامنێران پێیان وایە تەکنەلۆژیای نوێی گەیاندن زۆر جار کاریگەری لەسەر شێوازی بەرهەمهێنانی پەیامە میدیاییەکانی پەیامنێر کردووە.

٨-هەردوو ڕەگەزی نێر و مێی پەیامنێران زۆرترین بەکارهێنەری تەکنەلۆژیای نوێ بوون، بەڵام پەیامنێرانی مێ بۆ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ بەشێوەی "هەمیشەیی "و "زۆر جار "زۆر زیاتر بوون لە ڕەگەزی نێر.

٩- بەگشتی ئاستی بڕوانامە و خوێندەواری لە میدیای ئەهلی و حیزبیدا نزیکن لەیەك، بەڵام زۆرترین ڕێژەی میدیاکارانی خاوەن بڕوانامەی بنەڕەتی لە کەرتی حیزبیدان.

## پێشنیار

١-بەرپرسی دامەزراوە میدیاییەکان پێداچوونەوە بەمەرجەکانی وەرگرتنی پەیامنێراندا بکرێت لە ڕووی بڕوانامەوە و ئاستی خوێندەوارییەوە.

٢-دەستەبەرکردنی نوێترین جۆرەکانی تەکنەلۆژیای نوێ لەلایەن بەرپرسی دامەزراوە میدیاکانەوە لەبواری کاری پەیامنێریدا کەلەسەر ئاستی جیهاندا کاریان پێ دەکرێت.

٣-ئەنجامدانی خولی ڕاهێنان لە لەیەن دامەزراوە میدیایەکان بۆ پەیامنێران بەمەبەستی شارەزابوون و بە تەکنلۆژیای گەیاندنی نوێ و پابەندبوون بە ئیتیک و یاسا بەرکارەکانی بواری کاری میدیایی.

ڕاسپاردە :توێژەر توێژەرانی تر ڕادەسپێرێت بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی تر لەم بوارانەی خوارەوەدا:-

١-ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر هەلومەرجی گرێبەستی پەیامنێران ودامەزراوە میدیاییەکان لە هەرێمی کوردستاندا.

٢-دەستنیشانکردنی کێشە وگرفتەکانی ئامێرەکانی تەکنەلۆژیایی نوێ لە کاتی گواستنەوەی هەواڵ و زانیاری ورووداوەکاندا.

## پەراوێزەکان

* لەبەر ئەوەی بەردەوام ژمارەی پەیامنێران گۆرانکاری بەسەردا دێت توێژەر ژمارەی ئەو پەیامنێرانەی وەرگرتووە لەماوەی سێ مانگدا کە داتاکان کۆکراوەتەوە کاریان

کردوە بۆ دڵنیابوون لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە و وەرگرتنی سامپڵەکەی بەو پێیەی هیچ ناوەندێکی فەرمی نیە ژمارەی راستەقینەی پەیامنێرانی لابێت.

**** ناوی هەڵسەنگێنەرانی فۆرمی راپرسی**

| ژ | ناوی هەڵسەنگێنەر | پلەی زانستی | شوێنی کار |
|---|---|---|---|
| -١ | د.فؤاد علی احمد | پرۆفیسۆر | بەشی راگەیاندن/ز.سلێمانی |
| -٢ | د.کاروان محمد حسن | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | بەشی راگەیاندن/ز.سلێمانی |
| -٣ | د.شێرکۆ جبار محمد | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | بەشی تەکنیکی میدیا /ز.پۆلیتەکنیکی سلێمانی |
| -٤ | د.شوان ئادەم ئەیڤەس | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | بەشی تەکنیکی میدیا /ز.پۆلیتەکنیکی سلێمانی |
| -٥ | د.بەنازحەمەرەشیدحسن | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | بەشی راگەیاندن/ز.سلێمانی |

*** حميد، حكيم عثمان، دور تكنولوجيا الاتصال في تطور العمل الاعلامي في وسائل الاعلام الكوردستانية، رسالة ماجستير غير منشور، جامعة السوليمانية، سكول العلوم الانسانية، قسم الاعلام/التلفزيون.

**** عابد، سومەییە فاضل، ٢٠١٧، کاریگەری تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لەسەر سازاندنی رۆژنامەوانی، نامەی ماستەری بڵاونەکراوە، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەشی راگەیاندن.

***** شەریف، عومەر کەریم، ٢٠٢٣، رۆڵی تەکنەلۆژیای نوێی میدیا لەبەرهەمهێنانی هەواڵ لە کەناڵە ئاسمانیەکوردیەکان دا، نامەی ماستەری بڵاونەکراوە، زانکۆی پۆلەتەکنیکی سلێمانی، کۆلێژی تەکنیکی کارگێری، بەشی تەکنیکی میدیا.

****** عزيز، اركان رؤف، 2015، استخدام تكنولوجيا الاتصال الحديثة في انتاج النشرات الاخبارية التلفزيونية، رسالة ماجستر غير منشور، جامعة السوليمانية، سكول العلوم الانسانية، قسم الاعلام/التلفزيون.

******* قەرەداخي، بهات حسيب علي، 2016، العوامل المؤثرة في التخطية الخبرية دراسة ميدانية لعمل المراسلين في الفضائيات الكوردية، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة سلاحدين-اربيل.

## سەرچاوەکان


-صبطي، د.عبيدة، د.فكرى لتيف متولي، 2018، تكنولوجيا الاتصال الحديثة وتطبيقاتها في مجال التعليم، الطبعة الاولى، مصر: دار المعارف.

جورديف، مليكة عبدالقادر، 2015، تكنولوجيا التباعة الصحفية، دار أسامة للنشر و التوزية، الطبعة الأولي، عمان:دار اسامة للنشر.

النجار، د.جمال، 2000، تكنولوجيا الاتصال ولغزو الثقافي، الطبعة الاولى، القاهرة: رقم الايداع بدار المصرية، دار التحادالتعاوني للتباعة.

حدة، فظالة، 2013، أثار تطبيقات تكنولوجيا المعلومات ولاتصالات على أداء المؤسسات الاقتصادية، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة الجزائر: كلية العلوم الاقتصادية و التجارية و علوم التسير.

يوسف، ايمان احمد، 2021، تقنيات التكنلوجيا الحديثة، وسائل التوصل الأجتماعي والذكاء الاصطناعي، الطبعة الأولى، عمان، دار ابن النفيس للنشر والتوضيع.

أحمد، د.أشرف السعيد، ٢٠١٣، تكنولوجيا المعلومان و ايدارة الآزمات، بدون مطبعة.

مكاوى، د.حسن عماد، 1997، تكنولوجيا الاتصال الحديثة في العصر المعلومات، الطبعة الثاني، مصر: دار المصرية للبنانية.

حسان، د.نورهان سليمان، 2020، تكنولوجيا الآعلام المتخصص ديناميات مستقبلية، الطبعة الاولى، الآمارات: مؤسسة حورس الدولية للنشر والتوزيع.

میرتبار، سید محمد، ۱۳۹۰م، رسانەهاو بازتولید جامعه منتظر، چاپ دوم، ژمارەی چاپ ۱۳۹۱، تهران: سازمان چاپ و انتشارات اوقاف.

خانی، د. باقر سارو، ۱۳۱۸، جامعه شناسی ارتباطات اصول و مبانی، چاپ بیست و هفتم، تهران، موسسه اطلاعات.۱۰.

حسین، لەتیف، ٢٠٢٠، میدیاو بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی کارۆ، ل١١٤.

قانع، مەم بورهان، ٢٠١٦، مێدیا و پێشێلکاری پیشەیی، لێکۆڵینەوەی شیکاری و بەراوردکاری، چاپی یەکەم، ئاماژە بە چاپخانە نەکراوە.

ئەحمەد، هەردی، ٢٠٠٨، پەیامنێر، رۆڵ و ئەرک و تایبەتمەندیە پیشەییەکان، چاپی یەکەم، کەرکوک: چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی.

جەعفەر، شاڵاو، ٢٠١٢، میدیا ناسی دیمانەی رۆژنامەنووسی، چاپی یەکەم، سلێمانی: چاپخانەی لەریا.

عەلی، بەهرۆز، ٢٠١٨، هونەری هەواڵنوسین، رەگەزو جۆرو قاڵبەکانی دارشتنی هەواڵ بە تیۆری و پراکتیکی، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی کارۆ.

پریدمور، جف،٢٠٠٨، ئەلف بێی کارکردن لە کەناڵەکانی راگەیاندن، چاپی یەکەم، و، مجید سالح، سلێمانی: چاپخانەی کارۆ.

سالح، مجید، ٢٠٠٦، بنەما تیۆریەکانی رایگشتی و راگەیاندن، رۆڵی میدیکان لە دروستکردنی رایگشتیدا، چاپی یەکەم، ناوی چاپخانەی .

عابد، سومەییە فاضل، ٢٠١٧، کاریگەری تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لەسەر سازاندنی رۆژنامەوانی، نامەی ماستەری بڵاونەکراوە، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەشی راگەیاندن.

الهادي، محمد عصام عبد، يوسف حسن محمود، 2023، تطبيقات الهاتف المحمول، وردها في انتاج المحتوى الرقمي.

ئەحمەد، نەوزاد عەلی،٢٠٠٣، رۆژنامەو جەنگ، چاپی یەکەم، سلێمانی، بەبێ شوێنی چاپ.

قەرەداخي، بهات حسيب علي، 2016، العوامل المؤثرة في التخطية الخبرية دراسة ميدانية لعمل المراسلين في الفضائيات الكوردية، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة سلاحدين-اربيل.

ماگدۆگاڵ، کۆرتیس، بنەماکانی هەواڵنوسین، چاپی یەکەم، و/هەندرێن شێرزاد سلێمان، سلێمانی: ناوی چاپخانەی نیە.

فەرهەنگی، د، ئەکبەر فەرهەنگی، د فەریبا سەیاد،٢٠٠٨، نەریتی رۆژنامەوانی، چاپی سێیەم، و/کارزان محەمەد، سلێمانی: شوێنی چاپی نیە.

کەرکوکی، شاخەوان کەرکوکی، عەبدولرەزاق بۆتانی، گۆران سەباح، بەفرین ئیسماعیل، ٢٠٠٧، رۆژنامەوانی، پیشەی رەوشت و لێهاتووی، چاپی یەکەم، هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

راندال، دێڤید، ٢٠١٠، رۆژنامەنوسی جیهانی، چاپی یەکەم، و/محەمەد عەبدوڵڵا کەلاری، سلێمانی: چاپخانەی کارۆ.